لەشاری هەولێر بەهۆی نەبوونی ئاوەوە خەپشاندان ئەنجامدرا

کەمێک پێش ئێستا، دانیشتوانی گەڕەکی سەیداوە و ئیسکان لە شاری هەولێر خەپشاندانیان دەستپێکرد و شەقامی سەرەکی 60 مەتریان داخست.

نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە (27ـی حوزەیرانی 2024)، دانیشتوانی گەڕەکی سەیداوە و ئیسکان لە شاری هەولێر خەپشاندانیان دەستپێکرد بەهۆی نەبوونی ئاوە کە نزیکەی مانگێکە لە زەربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بەدراوە، بەهۆی خەپشاندان کەوە شەقامی سەرەکی 60 مەتریان داخست.

لەلایەکی ترەوە کەمێک هاوڵاتی لە گەڕەکی کرێکاران گردبوونەوە و داوای چارەسەرکردنی کێشەی ئاو دەکەن.

شایەنی باسە، زیاتر لە مانگێکە لەشاری هەولێر ئاو بەدرایەوە بەهۆی وشکبوونەوەی بیرە ئاوییەکان، ئەم هەکارەش لە هەموو وەرزی هاویندا دووبارەدەبێتەوە کە لەشاری هەولێر چەندین ساڵە دووبارەدەبێتەوە.